

# کوردستان وڵاتێک ، کە نیە !

KURDISTAN

LANDET SOM ICKE ÄR

ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی

لێکدانەوەی کتێبێی ئاغای ئێنگمار کارلسۆن

ساڵی 2008 میلادی ئێنگمار کارلسۆن کتێبێکی بە ناوی " کوردستان وڵاتێک، کە نیە!" بە زمانی سویدی نوسیوە و لە چاپخانەی سکان بووک ی شاری فالون لە وڵاتی سوید چاپی کردووە .

کتێبەکە 240 لاپەڕە وچواردە بەشە و سێ نەقشەی ڕەش و سپی تێدایە .

ئاغای کارلسون ماوەیەک بەر پرسی کونسولی سوید لە ئاستانبوڵی تورکیا بوە . وەک فەرمانبەر لە باڵوێزخانەکانی سوید لە :

بوگۆتا، ویەن، ئەلجەزیرە، دیمشق، پکەن و بون کاری کردوە و هوڵسوڕاوە. ماوەیەک باڵوێزی سوید لە پڕاگ وبرازیلیش بوە . بڕوانامەی دوکتورای ئیفتخاری لە زانستگاکانی لۆند و ویکسشوی سوید لە بواری فەلسەفە و یەزدان ناسی پێی بەخشراوە. سەرەڕای ڕێز و ئیحترامم بۆ نوسەر ،ئەمما دوکترینی نوسەر لەم کتێبەدا لایەنی نیگەتێڤی زۆرە و لە هەندی باسدا هەڵویستی جەناب کارلسۆن پاڵی بە بیر و ڕای حکومەتە دیکتاتورەکانەوە داوە . و زۆر فاکت و دێکۆمێنتی ڕاپەرینەکانی کورد و سیاسەتی ئاسیمیلاسیونی ئاتاتورک و جەنایەتی تورکەکان و عەرەبەکان سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکان شرۆڤە وباس کردوە .هە روا پلان و پیلانی حکومەتی تورکیا بە نسبەت تیروری چالاکانی سیاسی کورد وەک: بەڕیزان ئەحمەد تورک،لەیلا زانا، عوسمان بایدیمیر(شارەداری ئامێد ) و ئورهان پامۆک (نوسەری تورک کە خەلاتی نۆبیلی لە ئەدەبیات وەر گرت ) و ژۆرنالیستی ئەرمەنی

هرانت دین کز ( کە تیروریان کرد ) باس دەکات . و ئاماژە بە دەوڵەتی فاشیستی سوریا دەکات کە کوردە کانی لە سێ کاتگۆری و لە سێ خانەدا پۆلبەندی کردووە . هەوەل ئەو کوردانەی کە بە هەزاران زەحمەت توانیویانە شارۆمەندی سوریایی خۆیان بسەلمێنن ودووهەم ئەو کوردانەی کە لە سوریا بیگانەن و سیهەم ئەو کوردانەی کە لە پرۆسەی سەرژمێریدا بەشداریان نە کردووە و لە خانەی مەختوم(بێ دەنگەکان –کرولاڵەکان ) دانراون،و ناوچەکەیان کوردستان نیە، بەڵکوو جووستانە *( جوو بە مانای جوولەکە،یەهودی، ئیسرائیلی هاتوە).باسی پلاتفورمی پێشکەوتووی کۆ مە ڵە سەبارەت بە خەباتی" ژنان " بۆ مافی بەرابەو یەکسان، و ڕێک خستنی کرێکاران و هەژارانی دێهات دەکات . لە ئاستی جۆراوجۆر سەرنجی خوێنەر بۆ کتێبەکە ڕادەکێسیت .هێنانی ئەم فاکتانە شایانی ڕێز و قەدردانیە .بەڵام زۆر دیکۆمێنتی کورد، لە چاوی تیژ بین و بیری وردی سیاسەت وانێک وەک ئاغای ئێنگمار کارلسون شاراوەیە.

پاش خوێندنەوەی کتێبەکە ، لێکدانەوە و هەلسەنگاندنم ئاوا بوو:

١ - لە بەرگی ئاخری کتێبەکە نوسراوە نزیکەی 30 میلیون کورد لە جیهاندا وڵاتیان نیە. ئەمە ڕاست نیە . کورد زیاتر لە 40 میلیونە وڵاتێکی پان و بەرینی هەیە کە ڕووپەڕی خاکەکەی پێنج سەد هەزار کیلومیتری چوار گۆشەیە ولەخاکی فەرانسا و سوید گەورەترە ، بەڵام هێشتا سنورەکانی بە فەرمی لە گەڵ دراوسێ کانی لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دیاری نە کراوە . بۆ کورد پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا خاوەنی دەوڵەت بێت و پاشان سنورە دەستکردەکان لابا و سنوری خۆی دیاری کات .ئەگەر فیکری زاڵی شوڤینیستی ڕۆژێک لە ڕۆژان نە مێنێت ،و داگیر کەران مافی دیموکراتێک و ئینسانی کورد لە بەر چاو بگرن دیارە کوردیش پیویستی بە سنووردانان نابێت . کە وایە بە پێچەوانەی بیر و بۆچونی ئاغای کارلسون کورد وڵاتی پان و بەرینی هەیە بەڵام نەتەوەیەکی گەورەی بی حکومەتە .کە ئێستا لە باشوری کوردستان خاوەنی شێواز و قەوارەیەک لە حکومەتی ساوایە.

٢ - سەبارەت بە نەفوسی کورد ئاوا دەڵێت . نەفوسی کورد لە ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا مەعلووم نیە .ئەمە ڕاست نیە چونکوو ساوامای ئێسلامی ئێران، میتی تورکیا، موخابراتی بەعس و ئێستخباراتی سوریا ژمارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بە باشی دەزانن و ئاماری تازەیان لایە بەڵام لە کورد نهێنی کراوە و شاردراوەتەوە .ئەگەر نازانن دەی چۆن دەزانن چەند تانک، فڕۆکە،بومب،سەرباز،پادەگان،تۆڕی جاسوسی،هێزی بەکرێ گیراو بۆداپڵۆسین و سەرکوت پێویستە.

٣ نوسەر دامەزراندنی حکومەتی کوردی بە ئوتۆپی و خەیاڵ ناو دەبا. بارو دۆخ ، سیاسەتی زل هێزەکان، فاکتۆری ئابوری،کۆمە ڵایەتی ،شکستی شوڤینیزمی ناوچە، و بەرز بونەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد.ڕزگاری لە نائاگایی دەتوانن پێک هێنەری بواری دامەزراندنی دەوڵەت گەلیکی کوردی لە شێوازی دێموکراتێکدا بن .

٤ حەللی پرس وکێشەی کوردی بە بڕیاری داگیرکەران بەستوەتەوە .لە حالێکدا داگیر کەر هەر کامەیان بە سەدان زەنجیر بە دونیا و سیستەمی جیهانی بەستراونەتەوە .تورکیا ئەندامی ناتو و شەرێکی جەنایەتەکانی ئامریکایە. ئەگەر تورکیا لە لایەن وڵاتانی یەکگرتوی ئوروپاوە وەر گیرێت و یا حکومەتی تورکیا بەرەو سیستەمی دیموکراتێک بئاژوێت ئەوا کێشەی کورد بە بارێکی تردا دەکەویت . مەلای ئێران بەرەو ئیدئۆلۆژی کۆنی( ولایەتی فەقیە) کە هی چواردە سەدە لەمەو پێشە و دەوران و عومری بە سەر چوە گەڕاونەتەوە چۆن دەتوانن کێشەی کورد حەلل کەن ؟ ئاغای خومینی دامەزرێنەری حکومەتی ئیسلامی گوتی : فارس ، تورک ، عەرەب و کورد هیچ جیاوازیمان نیە وهەمووومان موسلمانین و برایانی موسڵمانی کورد بەشێکی تێکەڵە لە ئۆمەی ئیسلام .ئەگەر ئەم ڕوانگەیە شوڤینیستی نیە ، دەی چیە ؟ حکومەتی سوریا ، مافی کوردی هەر قەبوڵ نیە و ئێنکاری بوونی کورد دەکات چۆن ئەو حکومەتە سوپرسوسیالیستیە دەتوانی مافی کورد چارە کات ؟ حکومەتی عێراقیش هێشتا بە تەواوی ناسیونالیستەکان و شوڤینیستەکان یەکیان نە گرتوەتەوە و لە بۆسە و کەمیندا ، خۆیان مەلاس داوە و خەریکی کات کوشتنن و ئەوانیش لە وانی تر خراپ ترن .

بۆ ئاسکی کێوی چ فەرقیک دەکات ،گورگی بۆر بیخوات یا گورگی زەرد !

پێم وایە بڕیاری ئەم حکومەتانە تا ڕادەیەکی کەم دەتوانێت چارە ساز بێت .

٥ نوسەر دەور و نەقشی کوردی تاراوگە (دیاسپۆرا) بە هێچ حیساب دەکات ،لە حالێکدا وا نیە .کوردی تاراوگە زۆر فیکر و شتی تازەیان بەرەو کوردستان بردوە تەوە و دەورێکی ڕادیکاڵ و پێشڕەویان لە مێژوویی کوردا هەبوە . لانی کەم سیاسەتی دوژمنانی کوردیان لە قاو داوە و پەردەیان لە سەر جەنایەتە نهێنی و ئاشکراکانی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لا بردووە . دەتوانم ئێدیعا کەم بە شێک لە مێشکی کورد لە هەندەرانە کە تێگەیشتوو و قورسایی مێژوویی هەیە و بۆ پرسی کورد خەمخوار و خاوەن هەڵویستە . من لە نوسەری بە ڕیز دەپرسم ئایا کورد بە بی مەیل و ئارەزوی خۆی کوردستانی بە جێ هێشتوە ، ئاوارە یان کردوە و وەک پەنا بەر لە چوار گۆشەی جیهان پرژ و بڵاو بونەتەوە ؟ نە خێر،چونکوو زۆربەیان دژی دیکتاتۆرەکان خەباتیان کردوە ، زیندانی کراون، شەڕی مان و

نەمانیان کردوە و تەسلیمی دوژمن نەبون و بەرەو هەندەران کۆچیان کردووە .لە ئەساسدا دەوری ڕادیکالیان لە بزووتنەوەی کوردا هەبوە ، هەربۆیە ئاوارە کراون .کوردی پەنا بەر دەوری " پردەباز"ی ئاڵ و گۆڕی بیری نوێ و تازە لە نێوان کۆمەڵگای کلاسیکی کوردستان و وڵاتانی پێشکەوتووی لە ئەستۆیە و لەم مەیدانەدا، سەرکەوتوە .

٦ لە باسی زمانی کوردی دەڵێت : لە 1930 میلادی کرمانجی بە پیتی لاتینی و بە شوێن ڕچەی ئاتاتورک باو کرا . بادینی بە شێوە زاراوەی کرمانجی ناساندوە کە بە پیتی ئارامی دەنوسرێت. لە ڕووسیا ئەلفوبێی کریلیک بۆ زاراوەی کرمانجی باو کراوە .و سۆرانی لە گەل کرمانجی جیاوازی هەیە و وەک چۆن سویدی خۆی لە ئاڵمانی جیا کردوەتەوە، دەناسێنێت . بە شێوازی زازاکی ( دیملی ) ئاماژە دەکات بە کورتی دەیەوێت بڵێت زمانی یەکگرتووی کوردی نیە . ئاغای کارلسۆن ڕەش بینە . کوا وایە ! زمانی یەکگرتووی کوردی پێی گرتوە و خەریکە بەرەو گەشە دەڕوات . ئاماژە کردن بە دیالیکت و زاراوەکانی کوردی کە لە هەر زمانێکدا هەیە زۆر ئاسانە. هەموو دەسکەوتەکانی ئەم دواییانەی زمانی کوردی لە بەر چاو نەگرتوە. لە شێعرێکی فارسی کە بە سویدی تەرجومە کراوە زمانی عەرەبی بە ئاڵفا و ئومێگا ، زمانی فارسی وەک شەکر شیرینە و زمانی تورکی کاری هونەریە، ناو دەبات و پاشان ئیهانەیەکی فاشیستی کە بە زمانی کوردی کراوە ،نوسیویە ولە کتێبەکەدا هاتوە .دوژمن زۆر لە ئامێری زمانی کوردی بۆ پاکتاو کردنی کورد کەڵکی وەر گرتوە .

٧ بە داخەوە ئێنگمار کارلسون خۆی گێل دەکات .ئەگینا هەموو ڕووداوە مێژویەکانی کورد لە لایەن دوژمنانەوە نوسراوە و ئەوانیش بە قازانجی خۆیان لاپەڕەکانی مێژوویان نوسیوە و زۆی شتی ناڕەوایان بە نسبەت کوردەوە ئارشیڤ کردوە . هەر ئەو شیعرە کە سوکایەتی بە زمانی کوردی دەکات لە لایەن ئێرانیەکانەوە وتراوە و ئارسیڤیان کردوە . دوژمن نیتوانیوە هەندی سەر چاوە ی کوردی شرت و گوم بکات . وەک دوو گەوهەری جاویدان یەکەم شەرفنامەی ،شەرفخانی بدلیسی 1596 میلادی و دووهەم مەم و زینی ئەحمەدی خانی 1707-1650 میلادی کە بە شێوازی بەرەنگاری نامە ( ڕزم نامە) نوسراوە .سەرچاوەکان فەوتاون و ئەگەریش هەیە لای زلهیزەکان و داگیرکەرانە و کورد لەم بوارەدا بە ڕاستی کەمتەرخەم بوە زۆر بە کەمی مێژووی خۆی تۆمار و ئارشیڤ کردووە .سەرچاوەکان و سەنەدی مێژوویی لە لایەن دوژمنەوە سوتیندراوە و یا لای ئەوان شاردراوەتەوە و یا لە کورد نهێنی کراوە . دڵنیام سەرچاوەی مێژوویی و گرانبەهای کورد زۆرە و کەمیش نین . وئاماژە دەکات کە ڕۆحیەی ناسیونالیزم لە

ناو کوردەکاندا وەک دێکۆمێنت بە زمانی کوردی هەر نیە و پەیامی کوردایەتی بە هۆی نە خوێنداواری کوردەوە بە دژواری بڵاو بوەتەوە .

٨ شەڕ بە هەر هۆیەکەوە بووبێت ، مەودای بە گەشەی سیاسی،ئابوری و کۆمە لایەتی نەداوە . شەڕی عوسمانیەکان کە ئاینی سوننەیان هەبوو لە گەڵ سەفەویەکان کە ئاینی شیعەیان هەبوو لە دەشتی چاڵدران نزیک شاری ورمێ ساڵی 1514 میلادی ڕووی داوە . بە زۆری کورد کردی و کوردیش کوژرا .لەو شەڕەدا سەفەویەکان شکستیان خوارد . بەڵام مەیدانی ئەو هێرش و پێک دادانەی دوو سوپای ئێران و توران کە پێک هەلپژان لە کوردستان کرا و هەر ئەو شەرە فاکتۆرێکی گەورەیە کە کوردی لەو ناوچەیە بەرەو دوواکەوتوی برد . نوسەر نزیک زەریاچەی وان بە مەیدانی شەڕەکە ناو دەبات کە هەڵەیە .چاڵدران دەشتێکی گەورەیە ولای شاری ورمێ هەڵکەوتوە.تورکانی شیعە و تورکانی سونی کوردستانیان دابەش کرد . یا ئەسکەندری مەکدونی لە یونانەوە بۆ سەر ئێران هێرش دەبا هەموو شەڕەکە لە ناوچە کوردنشینەکان کرا و پاشان ئەسکەندەر سەرکەوت و بەرەو ناوەوەی ئێران جولا.سەرە سمی ئەسپەکانی ئەسکەندەر ماکدونی هێلینیزمیان هینایە کوردستان .بەشێکی زۆری لە دەقەکانی ئاڤێستا بە هۆی پەرە پێدانی فەرهەنگی هێلینیستی فەوتان .کارێگەری زمانی گرێکی (یونانی) لە کوردستان سامناکە. لە هەورامان دوو کەس کە باخە هەنار و هەنجیریان بە یەکتر فرۆشتوە قەباڵەکەیان ، بە زمانی یونانی نوسیوە .ئەو قەباڵەیە ساڵی 1909 میلادی دۆزراوەتەوە و لە موزەخانەی تارانە .ئائینی زەردەشت بە پەلاماری ئەسکەندەر زیانی گەورەی بەر کەوتوە. ڕوخسانا کچێکی کورد بوو کەئەسکەندەر خواستی . کتێبی ئاڤێستایان سوتاند . قەلاچۆی کورد بە دەستی سوپای ئێسلام ، ناوچەکەی بەرەو دواوە برد و هەموو دەسکەوتە کۆمەلایەتیەکانی لە ناو برد . لە پاوە و نەوسود و هەورامان گۆمی خوێنیان دروست کرد . کاتێک میللەتیک کۆیلە کرێت و متمانە ی بە خۆ نە مێنیت کارەساتی دڵتەزین دەقەومێت .داوەری خەڵکی ناوچەی هەورامان سەبارەت بە کوژراوەکانی هیرشی ئێسلام دڵتەزینە. بە قەبری کوژراوانی سوپای ئێسلام و بە شانازیەوە دەڵین گۆڕستانی" ئەسحابە کان" وبە قەبری ئەو کوردانەی کە بەرەنگاریان کردوە ،تەسلیمی هیرشکەران نە بون ، دیفاعیان کردوە و کوژراون و بە نەفرەتەوە دەڵین گۆڕستانی "کافرە کان " . لە هەمان کاتدا کوردە زەردەشتیەکانی هەورامان، ئاستی تیگەیشتویی و حەزارەتی ئەو کاتەی ناوچەکەیان وەک:سیستەمی ئاودێری، کتێبخانە،کشت وکاڵ،باخداری ،پەیوەندی کۆمەلایەتیان زۆر پێشکەوتوو بوە .و خیلە عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبستان لە قۆناخێکی نزم و دوواکەوتوودا ژیاون. بەڵام خەلکێ هەورامان بە ڕیز وئێحترامەوە یادێک لە قارەمانەکانی خۆیان ناکەن وئەگەرچی ئاینی

زردەشتیان بوە ، بە بیدین پێناسە یان دەکەن. شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی ، ماڵی کوردی وێران کرد . و ئەو نەختە گەشە کۆ مە لایەتی و سیاسیەی کە هەیبووی فەوتاندی .ئەو هەموو شەڕ و پێکدادان و خوێن ڕشتنە لە باری ڕەوانی و سایکۆلۆژیەوە لە سەر کۆ مە ڵگای کوردستان تەئسیری ڕاستەوخۆی داناوە .و جەماوەری خەڵک ناچارە بوە ،تا بۆ دیفاع لە خۆی هەمیشە ئامادە وحازر بە بەرەنگاری بێت.بە وتەیەکی تر شەڕ دەرگای مالی پێ گرتوە و کورد بە شەڕەوە تێوەگلاوە! شەڕەکان ئاستی گەشەی ئابوری،سیاسی،کۆ مە لایەتی،و تەنانەت باری نەفسی ناوچە کوردنشینەکانئ هێناوەتە خوارەوە و خولقینەری دەیان کارەساتی دلتەزین و سامناک بۆ کورد بوە . کە وابوو تەنها دیاری شەڕ ، بۆ خەڵکی کورد کۆچ ، ئاوارەگی و نەخوێندەواریە . کاتێک نەخویندەواری لە وڵاتێک بار دەکات و نامێنیت کەشوێنی ژیان لە ئەمن و ئاسایشدا بێت .بە زۆری تۆپ و تانک ناوچە کوردنشینەکانیان لە دووکەوتوویی ڕاگرتوە و نەخوێندەواری بەرهەمی ئەو بار ودۆخە نا لە بارەیە . فاکتۆرێکی مەزن لەم شەڕانە دا ئابوری کوردستانە کە تووشی لە بەر ڕویشتنێکی زۆر فراوان بوو و بە خێرایی داتەپی.

٩ لە کتێبەکەدا هاتوە کە ئەرمەنیەکان کوشتار کراون . من لە هەڵە و پەڵەی ئەو کاتەی کورد دیفاعیکم نیە .بەڵام کورد لە سوپای حەمیدیە ڕێک خرابون و دەستوریان لە تورکەوە، وەر گرتوە و ئیدئولۆژی و فیکرەکە هی تورکەکان بوە . ڕاستەوخۆ و بە شاهیدی دیکۆمێنتەکان، تورکەکان لە ژنۆساید وکوشتاری ئەرمەنیەکان تاوانبارن .بیگومان ناتوانین دەوری نیگەتیڤی مەزهەبی سوننەی عوسمانیەکان دژی مەزهەبی مەسیحی ئەرمەنیەکان لەو کوشتارەدا، لە بەر چاو نەگرین. بەڵام خولقێنەری ئەو تراژیدیە تورکەکان بوون.

١٠ تەنز وتەعلیق ی ( ئێرۆنی) سووک ونە شیاو لە کورد دراوە و لە کتێبەکەدا هاتوە . بۆ نموونە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری سەعید دولین چۆن دەتوانی بزووتنەوەی کورد خاپور و نابود کەێت؟ لە ولأمدا دەلێت :زۆر ئاسانە جانتایەک ئاڵتون بە دیاری بۆ سەرۆک عەشیرتی نزیکم دەنێرم . یا هەڵویستێکی هەندی لە ڕێبەرانی کورد بە نسبەت یەکترەوە وەک ئێرۆنی نوسراوە . لە هەمان کاتدا دیداری نهێنی ڕێبەرانی کوردی لە گەڵ عەلی کیمیاوی کە دەیان هەزار کوردی قەسابی کرد و یەکیک لە بەرپرسانی حیزبی سوشیالیستی بەعس بووە،و تەنانەت شەڕی ناوخۆیی وپاڕانەوە لە دوژمنی بە شێوازی تەنز باس کردووە . ژورنالیستەکان و نوسەران لەتەنزی سیاسی وەک ئامێری ڕەخنەی خولقێبەر، نەک تێکدەر سوود وەر دەگرن و ئەم فنومنە زۆر باوە. بەڵام ئەو تەنزانە نە شیاو ولە جێگای خۆیان نین.

١١ ئاغای ئێگمار کارلسون قورسایی زۆری خستوەتە سەر دیاردەی ئاسیمیلاسیونی کورد و دەخوازی بڵێت کە سیاسەتی داگیرکەران تواندنەوەی کوردە .ئەمە درۆ نیە ،بەڵام کوردیکی زۆر مالیان خاپور و ویران کرا و ناچار کران بەرەو ڕۆژ ئاوای تورکیا لە شارەکانی ئاستامبول،ئانکاراو ... نیشتەجێ بن .ئەگەرچی دیاردە و فنومنی ئێتگراسیون و ئاسیمیلاسیون لە بواری کۆمە لایەتی،پسیکۆلۆژی، ئابوری،فەرهەنگی و کولتوریەوە ڕووی داوە و کورد بەرگەی ئەو هەموو فشارەی حکومەتی تورکیایان نە گرتوە ،و لە کۆمە ڵگای تورک نشین سەرکوت کراون،بەڵام هێنانەوەی ئەو جۆرە فاکتۆرانە پرس و کیشەی کوردی لە بواری سیاسی و کۆ مە ڵایەتی و ئێنسانیەوە وڵام ناداتەوە. و هێشتا پرسی کوردولامی ئینسانی و سیاسی خۆی وەر نەگرتوەتەوە . ژیانی قەراخ شار و هەژاری بە سەریاندا ، زاڵکراوە .کوا ئەم کۆچە زۆرملیە توانیویەتی چارە ی دەردی بی دەرمانیان بکات . نوسەر وا تەرجومەی دەکاتەوە کە تواندنەوەی کورد ،ژیانی مودێرنیان بۆ دروست دەکات و لە ژیانی بەر تەسکی دێهات رزگاریان دەکات . ئێتر ئامارژە ناکات کە ژیانی دێهات و شارۆچکەکان ،هەبوونی ئێش و نە بوونی دڵەڕاوکێ، نە بوونی هەژاری زۆر لەو ژیانەی ئانکارا و ئاستامبوڵ خراپ تر نیە. کاتێک جەماوەری خەلکی کورد بە پیرایی و پێشوازی ئاغای ئوردووغانەوە نەچون لە تۆلەدا دەڵێت: ئەو کەسە ی هەستی تورکی نیە،و خۆی لە تورکیا بە بەختەوە نازانێت،ئازادە بۆ هەر شوینێک بە دڵیە کۆچ بکات و لیرە نە مێنیت ! بەر لە ئەو ئاغای سولیمان دیمرل هەمان قسەی کوت و مت کرد بوو.ئایا ئەمە بیرۆکەی پاکتاوی کورد و ئیدئۆلۆژی ڕاسیستی نیە ؟ بە شاهیدی بەڵگە و دیکۆمێنتی حاشاهەڵنەگری مێژووناسان ،کورد بەر لە تورک لە ناوچەکەدا ژیاوە و یارمەتی تورکیان داوە کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ دوورگەی ئاناتۆلی کۆچ کەن .کورد میوانی ناوچەکە نیە و خاوەن مالە .

١٢ نوسەر کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناغێکی فیودالی ، خێڵەکی وعەشایەری بەر چاو دەخات و هەرگیز وەک کۆمەڵگایە ک کە گۆڕانی بەسەردا هاتوە، ئامارژەی پێ ناکات . دەوری هیزی چەپ لە کوردستان و تواناکانیان،نوی خوازیەکانیان، وپاشەکشە یان بە پیاوسالاری و ریک خستنی ژنان لە خەبات ،بڵاو کردنەوەی فیکری سیکۆلار،عیلمی و مودێڕن باس ناکات و ئەمە غەدر و خۆ گێل کردن لە ناوەڕۆک و خەباتێکە کە نەدار و دارا،بێ دەسەڵات و دەسەلاتدار لە کوردستان هەیانە و هیشتا تەواو نە بوە . بیری نەتەوەیی ڕوو لە گەشە کردندایە ولە ڕوانگەی نوسەرەوە ئەم ڕەوتە کەوتوتە پەراویزەوە .

١٣ سمایل ئاغای سمکۆ تیر باران و ئیعدام نە کرا. ڕەزا شا ئێران سمکۆی میوانی کرد و سمکۆ دەیویست بە شیوەی ئاشتیخوازانە کێشەی کورد حەل کات . کارەساتەکە ئاوا بوو کە لە سالّی 1929 لە خێوتیکدا و لەکاتی گفتو وگۆ لە گەڵ

نوێنەرانی ڕەزا شا ، تەقەیان لێکرد و ناجوامێرانە کوشتیان .ئەگێنا هیچ کات ڕێزدار سمایل ئاغا ی سمکۆ بە دێلی نەکەوتوتە دەست ئێرانیەکان .

١٤ لە بەشی ئاخری کتیبەکەدا باسی حیزبی دیموکرات زۆر دەکات و ئاماژەی بە پلاتفورمی هەشت ماددەیی حیزبی دیموکرات بۆ خودموختاری کوردستان کە پێشکەشی دەوڵەتی ئێسلامی ئیران دراوە، وتیرۆری دوو ڕیبەری حیزبی دیموکرات بە ڕیزان :دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی بەدەستی تیروریستەکانی جمهوری ئێسلامی ئێران دەکات . و ئاماژەیەک بە خەباتی ڕیزدار ماموستا شێخ عیزالدین حوسینی دەکات و، وتاری عیلمی و شیاوی ماموستا کە وڵامی قسە کۆن و بی ناوەرۆکەکانی ئاغای خومینی داوەتەوە،نوسیوە . خەباتی بە ڕێز بەهائەدین ئەدەب کە پارلمانتاری شاری سنە بووە دەکات .سەبارەت بە ڕیبەرانی ناسراوی کۆمە ڵە سکوتی کردوە و وەک تاقمێکی گەنجی رادیکاڵ وپێشڕەو کە لە شارەگەورەکانی کوردستان ژیاون ئیشارە دەکات .بە ڕاستی کاتێک باس لە کۆمە ڵە دەکرێت بێ ئینسافی وغەدرە ئەگەر ناوی بە ڕیزان : ئەیوب نەبەوی، یوسف ئەردەڵان، شوعیب زەکەریایی ،حەمە حسین کەریمی،سەدیق کەمانگەر و فوئاد مستەفا سوڵتانی نە کرێت .باسەکانی ئاغای کارلسون سەبارەت بە کۆمە ڵە وا پێ دەچێت کە کۆمە ڵە گورووپێک بوون و لە حیزبی دیموکرات جیا بونەتەوە . و بە ناوی کومە ڵە- کومیتە پێناسەی کردوە . ئەمە هەرگیز ڕاست نیە و هەڵەیە .ئەگەر مەبەستی کومیتەی شۆرشگیر بێت کە بە ڕیزان سمایلی شەریف زادە و هاوڕێکانی دروستیان کرد ، باسەکە شتێکی ترە و ئەوان پەیوندی ڕیکخراوەیان بە حیزبی دیموکراتەوە هەبوە. وبەر لە کۆمە ڵە دەستیان بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەکردوە و قۆناعی خەباتی ئاشکرای کومیتەی شۆرشگیر ساڵی 1968 وخەباتی ئاشکرای کۆ مە ڵە ساڵی 1978 میلادیە .کۆمە ڵە نوینەرایەتی و هەڵگری بیر و باوەڕی سیکۆلار و سوسیالیستی بوو کە دامەزرینەرانی سنووریان لە گەڵ حیزبە کلاسیکەکانی ئێرانی و کوردستاندا هەبوو. نوسەر بەم هەڵویستەی شک و گومان سەبارەت بە کۆمە ڵە بڵاو دەکاتەوە ،کە لە سەر خوێنەر کاردانەوەی دەبێت ونەفرەت دەخولقێنێت .کۆمە ڵە پایزی ساڵی 1968 لە تاران بونیاد نرا و چەند ساڵ بە نهێنی هەڵدەسوڕا و کاری سیاسی و ڕیکخراوەیی دەکرد .فەلسەفەی دامەزراندنی وڵامێکی مێژوویی بە چینی تازە پێگەیشتوی کرێکار و نەدار و حیزبە کۆنەکانی کوردستان بوو.

١٥ نوسەر ئیدیعا دەکات کە پارتی کرێکارانی کوردستان، گوایە بە دەستوری جمهوری مەلاکانی ئێران ،هەشت ڕێبەری کۆمە ڵەیان کوشتوە . قەد وا نە بوە و ئەم هەواڵە ڕاست نیە .هەرگیز کۆمە ڵە و پارتی کرێکارانی کوردستان

ناکۆک نە بوون و پێکدادان و شەڕی چەکداریان دژی یەکتر نە کردوە ، ئەمما پولیمیکی ئێدئۆلۆژیان لە مەیدانی بیر و باوەڕ وتاکتیک و ستراتیژی هەبوە .

نڤامبری 2008

**ئاماژە و روونکردنەوە :**

١. 1-- Ingmar karlsson Kurdistan landet som icke är ! Tryck Scandbook ,falun 2008

٢. سایتی " بەیان " بە زمانی سویدی لە لایەن گەنجانی کوردەوە بە ڕێوە دەچێت . نوسراوە و وتاری ڕەخنەگەرانەی بە رێزان: پشکۆ شەمسی و ڕەوەند هاجۆ بە زمانی سویدی سەبارەت بەم کتێبە جوان و بە نرخ بوو و لە سایتی بەیان دانرابوو.

٣. ئێنتگراسیون: بە مانای تێکەڵبوونی کۆچەری و دانیشتوانە ، کە لەم پرۆسەیەدا،کۆچەری ئاداب و فەرهەنگ،کولتور و زمانی خۆی دەپارێزرێت ودوو فەرهەنگی جیاواز تەواوکەری یەکتر دەبن .نموونە وەک شیلیایی،فەلەستینی ،سومالی،کورد،فنلاندی کە لە سوید پەنابەرن کەوتونتە پرۆسەی ئێنتگراسیون . حکومەتی سوید سیاسەتی ئاسمیلاسیون، نادیموکراتیک ودژ بە مافی تاکەکەسی دەزانێت

٤. ئاسیمیلاسیون: بە مانای توانەوەی هێدی هێدی گورووپێکی کۆچەریە، کە لە ڕەوتێکی نەپساوە هەموو پێناسە ،کولتور،زمان و فەرهەنگ،داب ونەریتی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەم تاکتیکە زۆر جار لە لایەن نەیارانەوە دژی کورد بە دەستەوە گیراوە .کۆچی زۆرەملی کوردەکانی ڕۆژئاوا لە لایەن سەفویەکانەوەبۆ ناوچەی خوراسان ،ژوزیف ئاسالین کوردەکانی قەفقازی لە نێوان سالەکانی 1937 تا 1944بۆ ئاسیای ناوەڕاست و سیبریا کۆچ دا،حکومەتی فاشیستی تورکیا ،حکومەتی سوسیالیستی بەعس ؟ و ڕەزا شای ئێران هەمان جەنایەتیان دەرحەق بە کورد کردوە .هەموو ئەمانە تاکتێکی ئاسیمیلاسیون بوە و بە زۆر و کوشتار کراوە .

٥. Judastan (Israil) - و سوریا بە فەرمی ڕاگەیاندوە کە کوردەکانی سوریا وەک دوژمنی ئومەی عەرەبین، و ناوچەکەیان کوردستان نیە بەڵکوو جووستانە.

٦. Hellenism - فەرهەنگ ،کولتوری و زمانی یونانی کە کاریگەریان لە سەر زمانی ئارامی کورد، دانابوو و بەرتەسکیان کردبووەوە.